# ڕازاوەیی جەنتا بۆ دەستی خانمان



ئێکسسوارەکانبە گشت شێوەکانیان کاریگەریان لەسەر جوانی خانمان هەیە، تەنانەت هەر یەکە لە ئێکسسوارەکان دەبنە ڕێگەیەك بۆ ڕازاندنەوەو بەدەرخستنی جوانیی خانمان، ئێکسسوارەکان جیاوازیان هەیە لەگەڵ یەکتر، ئێکسسوارەکان بە گشت قەبارەکانیان، بچووك و گەورە کار دەکەن لەسەر جوانی خانمان.



جەنتاکانی دەستی خانمان، وەك یەکێك لە جوانترین و ناسکترین ئێکسسوار خانمان دەتوانن سوودیان لێ وەربگرن بۆ ئەوەی جوانی و ڕازاوەییان دەربکەوێ، بەمەش دەتوانن سوود لەم مۆدانە وەربگرن.







# مۆدەی سەندڵ و پێڵاوەکان

سەندڵ و پێڵاوەکان دەبێ لەگەڵ مۆدەکانی ڕۆژدا کاریان بۆ بکرێ، تەنانەت شێوەیەکی جوان و بەرچاو لە خۆ دەگرن، ئەمەش بە واتای هەڵبژاردنی جلوبەرگە ناسك و جوانەکان دەبن، بە تایبەت کاتێك لە وەرزی گەرما جوانی سەندڵ و پێڵاوی خانمان بە شێوەیەکی کراوە دیار دەکەوێ و دەبێتە یەکێك لە ئێکسسوارە گرنگەکان.

چەندین مۆدەی تایبەت هەن لە سەندڵ و پێڵاوەکان، بەڵام دەکرێ سوود لە یەکێکیان وەربگرین و شێوەیەکی ناسکیش لە خۆ بگرێ، بۆیە دەکرێ ئەو جۆرە دەستیشان بکەین کە بە شێوەیەکی سادە و ساکارەوە کاری بۆ کراوە، هەروەها چاکترە بەبێ پاژنە بێ، چونکە وەك مۆدیەك جوانییەکی گەورە دەبەخشێ و بۆ جەستەش تەندرووستە.









# جلوبەرگە تەسکەکان

جلوبەرگەکان هەر یەکە بەپێ شێوەیەکی دیاریکراو و ناسك دەبێ، تەنانەت جلەکان بە جوانییەکی ڕازاوە لەسەر جەستەی خانمان دەبن، لەگەڵ شێوازێکی تازە و جلێکی مۆدە تازەکان بۆ ئەوەی لەگەڵ جوانی ئەو وەرزەی گەرما بگونجێ، دەبێ لە نزیکەوە جێگەی کراوەیی و ناسکی بێ، دەبێ جلەکان بەپێی مۆدە و وەرزەکە بێ کە دەپۆشرێت.

# ماکیاژی چاوەکان زیاتر رووخسار رازاوەتر دەکەن

ماکیـــاژەکان زیاتر دەتوانــن جوانی بۆ شـێوازی رووخســـار یان چـــاوەکان جوانتر و رازاوەتــر بکــەن، بەمــەش دەکــرێ ســوودێکی تایبەت وەربگریــن لە جوانی و ناســکی ماکیاژە تایبەتــەکان، لــە ڕێگەی هەڵبژاردنی شـێوازە تایبــەت و رازاوەکان، بە تایبەت ماکیــاژی چاو کە یەکێکە لە جوانترین و ناسکترین ماکیاژ بۆ رووخساری خانمان.



یەکێك لــە بنەما سەرەکییەکانی جوانی رووخسار، بریتییە لە جوانی چـــاوەکان، کە بە ناسکترین شێوە دەبێ کاری بۆ بکرێت و رازاوە بێ، لەگەڵ شێوەیەکی تایبەت و جوان، دەکرێ مۆدەیەکــی تایبــەت و رازاوە بــۆ چاوەکان ئامادە بکەیــن، لێرەدا شـێوازی ماکیــاژی چاوەکان بەپێی رەنگی چاو و رەنگی پێســتی رووخسار دادەنرێ.









# تەسریحەکان جێگەی رازاوەییە بۆ قژ



کاری تەســـریحەکردنی قژ، بە چەندین ڕێگە و شێوازی تایبەت دەبێ، تەنانەت شـــێوەیەکی کراوە و ناسك لە تەســـریحەکان جێگەی جوانی و ناسکی قژی خانمان دەبێ، لەگەڵ هەر تەسریحەیەك دەبێ بیرکردنەوە و شـــێوازێکی تایبەت لە قژەکان بەدی بکرێ، بۆیە لە ڕێگەی جوانی و ناسکی دەبێ، ئەمەش لە ڕێگەی تەسریحە جوان و تایبەتەکان.

چەندین هەنگاو هەن، دەکرێ لە ڕێگەی ئەو هەنگاوانە، شێوازی جوان و ناســـك بۆ قژەکان ئامادە بکــرێ، بۆیە لە نزیکەوە دەکرێ سوود لە هەنگاوەکان وەربگرین، بۆ ئەوەی لە نزیکەوە، شێوازێکی تایبەت و رازاوەی بۆ بکرێ، زیاتر ئەو تەســـریحانە بۆ بەشـــی پشتەوەی ســـەرە و لە ڕێگەی ئەو تەسریحانەدا، چەندین کاری جوانکاری بۆ قژەکان دەکرێ.







# مۆدەی ئەو وەرزەیە

چەنــد مۆدەیەکی جوان و رازاوە دەکــرێ لەگەڵ جلوبەرگەکانی ئــەو وەرزە بگونجێ و شێوەیەکی جوانیش دەربخات، لێرەدا شێوازەکان بەپێ جلەکان دەبێ، تەنانەت کراوەیی لە جلەکان دەبێتــە مۆدەیەکی رازاوە و جوان لە مۆدەکانی جلی خانمان، زیاتریش جلە تەســکەکان دەبنە مۆدەی ئەو وەرزە.





# مۆدێلی تازەی تایەی ئوتۆمبێل

کاتێك کەرەستەکان بە شێوەیەکی جیاواز لە شێوەی ئاسایی خۆی دروست دەکرێن، تەنانەت دەبێتە رێگەیەك بۆ کارێکی تازە و سەیر، کەچی ئەو حاڵەتەش بە زەقی دەردەکەوێ و لەگەڵ گاڵتەجاری یان ئەو جۆرە هەنگاوانەی وەك رێگەیەکی سەیر لە خۆ دەگرێ. بۆ نموونە دروستکردنی ئەو جۆرە تایەی دەبینن، کە سەیرترین تایەی ئوتۆمبێل دەبێ.
ئەمەش یەکێکە لە مۆدە تازەکانی تایەی ئوتۆمبێل، کە بە شێوەیەکی لار دروستکراوە و شیاوی سەرسوڕمانی گشت کەسێك دەبێ، رەنگە لە داهاتوو ببێتە مۆدەیەك بۆ هەمووان.




# شاجوانی پیرەکانیش پەیدا بوو

وەکو دەزانین پێشبڕکێی شاجوانی خانمانی جیهان هەیە، کە ساڵانە یەکێك دەبێتە شاجوانی جیهان و گەردوون، ئەمەش بۆ ئەو خانمانەیە کە لە تەمەنێکی دیاریکراو بڕیان ئەنجام دەدرێ، کەچی وادیارە ئافرەتە بە تەمەنەکانیش دەیانەوێ وەك شاجوانەکان خۆیان دەربخەن و ببنە یەکێك لە شاجوانەکان.
ئەوەی دەیبینن کۆمەڵە ئافرەتێکی بە تەمەنن، کە بەشداریان کردووە لە پێشبڕکێی شاجوانی تایبەت بە ئافرەتە بە تەمەنەکان، ئەمەش کاتێك لە وڵاتی کەنەدا ئەنجام درا، بەپێی ئەوەی سەیر بێ، هەر یەکە بە جلێکی جوان و رازاوە خۆی ئامادە کردووە لە چاوەڕوانی ئەنجامەکانن.





# چۆن باران

کاتێك باران دەبارێ ناتوانین سەیری ئاسمان بکەین، یان نازانین چۆن باران





رەنگاورەنگ
گوڵان
ژمارە (٧٨٤)
٢٠١٠/٦/٧
٧٦






## پەیکەرە سەیر و جوانەکان

کاتێك هەندێك لە پەیکەرەکان دەبینین، شێوەیەکی سەیر و جوان لە شێوە جوانەکانی پەیکەرەکان دەردەکەوێ، تەنانەت دەبێتە دیمەنێکی سەیر و جوان لەبەرچاوی گشت کەسێك، لە هەندێك حاڵەتدا پەیکەرەکان شێوەیەکی جوان و سەیر لە خۆ دەگرن، هەندێکیان وەك دیمەنێکی راستەقینە دەردەکەون، ئەمەش لە رێگەی جوانکاری و دانانی شێوەیەکی جوان کە وەك راستەقینە دەردەکەوێ.

ئەوەی دەیبینن یەکێکە لە پەیکەرە سەیر و جوانەکان، وەك دیمەنێکی راستەقینە دەردەکەوێ و شێوەیەکی بەرچاو و جوان لە خۆ دەگرێ، ئەمەش وادەکات دەبێتە یەکێك لە سەیرترین پەیکەرەکان کە جێگەی سەرنجڕاکێشی و جوانی بێت.




## دەبارێ !

لە هەور دێتە خوارەوە، یان شێوەی باران بارین چۆنە ! بۆیە وێنەگرێکی فنلەندی هەڵساوە بە وەرگرتنی وێنەی باران بارین لە دوورەوە، کە بێگومان دیمەنێکی سەیر و جوانی هەیە.

لە وێنەکە وا دەبینرێ وەکو ئەوەی دووکەڵێکی سپی بێ، لە خوارەوە بەرەو سەرەوە بچێ، کەچی لە راستیدا وێنەی بارانە و دیمەنێکی جوان و سەیری هەیە.





## دەستی شکاو چارەسەر ناکرێ

دوای ئەوەی پیاوێکی خەڵکی بەریتانیا لەسەر قاندرمە دەکەوێتە خوارەوە، دەستی چەپەی دەشکێ، بۆ ئەوەی چارەسەری بکات، پێویستی بە نەشتەرگەرییەکی گەورە هەیە، دواتر کە دەیبەن بۆ نەشتەگەری تووشی بەرزبوونەوەی پاڵەپەستۆی خوێن دەبێ، ئەمەش وادەکات کە کارەکەی دوا بخرێ.

ئەو پیاوە ناوی (تۆرون ئەلیس)ە و دەستی بە جۆرێك جووڵە دەکات، کە جێگەی سەرسوڕمانی گشت کەسێکە، ئەمەش وادەکات لە دەستی بێزار بێ و نەتوانێ بە ئاسانی کارێك بکات.



بەرپرسی فایلی ڕەنگاوڕەنگ :بۆناردنی بابەت و سەرنجەکانت پەیوەندی بکە :

Mobile: 07504679560 Email: iwan_gardi@hotmail.com

# ماچی مەیموون بە 50000 دۆلار !



دوای ئەوەی خانمێکیان دەستنیشـــان کرد لە پێشـــبڕکێ ماچ کردن، ئەمـــەش بە بڕە پارەیەکی زۆرەوە کە نزیکەی (٥٠٠٠٠) دۆلار دەبوو، ڕەزامەندی ئەو خانمەیان وەرگرتبوو، دوای ئەوەی بەشـــدار دەبێ لە پێشبڕکێیەکە، کە دەبوایە چاویان بەســـترابێ، دوای ئەوەی خانمەکە چاوی دەبەسترێ، ئەوانیش لەگەڵی بە فێڵ دەبن، لە جیاتی ئەوەی مرۆڤێك بهێنن ماچی بکات، مەیموونێکیان هێنابوو ماچی بکات.

لە کاتی نمایشـــەکە دەبوایە کەس قســـە نەکات تا ئەو کاتەی ماچەکە تەواو دەبێ، ئەو خانمەش ماچێکی جوان لە مەیموون دەکات، وەك لـــە وێنەکەدا دەبینن چـــۆن مەیموون و مرۆڤ یەکتر ماچ دەکەن، لە جیاتی مرۆڤ و مرۆڤ.

# ڕۆژانە (40) جگەرە دەکێشێ !



ئەو منداڵەی دەیبینن بۆتە یەکێك لە جگەرەکێشـــەکانی جیهان، ئەردی ریزال ئـــەو منداڵەیە لە وڵاتی ئەندونوســـیا دەژی، تەمەنی تەنیا (٣) ساڵان دەبێ، کەچی ڕۆژانـــە نزیکەی (٤٠) جگەرە دەکێشـــێ و ئەگەر ئـــەو کارە نەکات، دەســـت بە گریان و توڕە بوون دەکات تا ئەو ڕێژەیە یان زیاتر لەو ژمارە جگەرەیە نەکێشێت.










# شای تاتۆ

تاتۆ ئەمـــڕۆ ســـەرتاپای جیهانی داگیرکردووە لـــەوەی چۆن کارێکی وا بکەن بە شـــێوەیەکی ســـەیر و سەمەرە دەربکـــەون، ئەمەش کاتێك جەســـتەی خۆیـــان دەخەنە ژێر تاتـــۆکان، ئەوەی دەیبینن یەکێکە لـــە خانمێکی وڵاتی ئەمریکا، کە سەرتاپای جەستەی لە بە تاتۆ نەخشـــاندووە بۆ ئەوەی نازناوێکی گەورەی پێوە تۆمار بکات.

ئەو خانمە نـــاوی جولیایە و کاتێك پێستی تووشـــی نەخۆشـــییەك بووە، ئەویش هەڵســـاوە بە دانانـــی تاتۆ بۆ گشت جەستەی، ئێستاش بە هۆی ئەو تاتـــۆوە، بووەتە خاوەن گەورەترین نازناو لەم بوارەدا.





# درێژترین مرۆڤی جیهان

ئەوانەی باڵایان بە ڕێژەیەکی یەکجار جیاواز لە مرۆڤانی ئاسایی بەرزترە ژمارەیان کەمە و بە پەنجەی دەستەکان دەژمێردرێن، بۆیە دەبێتە حاڵەتێکی سەیر و تایبەت، لەوەی چۆن باڵایان ئەوەندە بەرز دەبێ، تەنانەت هەندێکیان دوو ئەوەندەی مرۆڤێکی ئاسایی دەبن، ئەوەی دەیبینن هاووڵاتییەکی وڵاتی ئەمریکایە و ئێستا خاوەن باڵابەرزترین کەسە لە جیهان.

درێژی باڵای ئەو گەنجە دوو مەتر و سی سەنتیمەتر، بەمەش دەبێتە یەکەم مرۆڤ کە خاوەن ئەو باڵایە بێ، بۆیە دەکرێ ببێتە درێژترین مرۆڤی جیهان.



# کەلوەکان



## کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

ئەگەر خۆشەویستت نییە و دەتەوێ کەسێك ببێتە خۆشەویستت، ئەوا دەبێت زۆر بە وریایی ئەو داوایە بکەی بۆ ئەوەی پلانەکەت سەربگرێت، ئەگەر خۆشەویستت هەیە، ئەوا خۆشی و شادی رووتان تێدەکات و لە جاران زیاتر بەختەوەر دەبن.



## گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

دەرگەی بەختت نزیکە لە کرانەوە و بڕێکی باش پارەت دەست دەکەوێت کە بەشی کڕینی پێداویستیەکانت دەکات و زۆر سوودت پێ دەگەیەنێت، دوای چاوەڕوانیەکی زۆر ئێستا کاتی ئەوە هاتووە بەرامبەرەکەت هەستت بزانێ و قسەی دڵتی پێ بڵێ.



## دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠

کەسێك دەناسیت و پێوەندیەکی پتەو لەنێوانتان درووست دەبێت کە دەبێتە هۆی ئەوەی چیتر بیر لەیادگاریە ناخۆشەکانی رابردوو نەکەیتەوە و لاپەڕەیەکی نوێ بکەیتەوە بۆ داهاتوو، کەسێکی نزیکت دیاریەکت پێشکەش دەکات.



## قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

ئەگەر پێوەندیت لەگەڵ کەسی بەرامبەرت وەك جاران نەماوە هەوڵ بدە دەستپێشخەری بکەیت و ئاشت بیتەوە ئەوکات کەسەکە دان بە هەڵەی خۆی دەنێت و داوای لێبوردن دەکات و ئەمانە هەمووی بە سەرکەوتن بۆ تۆ دەژمێردرێن.



## شێر ٣/٢٣ - ٨/٢٢

ئەوەندە چاوەڕوان مەبە بۆ وتنی وشەیەك یان بیستنی، کات بە خێرایی تێدەپەڕێت و پێش ئەوەی دەرگەکان دابخرێن ئەو شتە بە کەسی بەرامبەرت بڵێ کە ماوەیەکی زۆرە دەتەوێ پێی بڵێی، بایەخی زیاتر بە شێوازی جلوبەرگت بدە.



## گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

هەواڵێکی خۆشت پێدەگات لەلایەن کەسێکی نزیکی خۆتەوە کە پێوەندی بە هەردووکتانەوە هەیە، نیگەران مەبە کاتێك دەبینی هاوڕێکانت لەهەواڵت ناپرسن، بێدەنگی و نەپرسینی هەواڵی ئەوان هۆکارێکن وایان کردووە ئەوانیش هەمان هەڵوێستی تۆ دووبارە بکەنەوە.



## تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

خۆشەویستەکەت ئێستا لە قۆناغێکی سەخت دایە و پێویستی بە دڵنەوایی و یارمەتیدانت هەیە بەتایبەتی لەم ماوەیەدا، پێویستە بە هەموو شێوەیەك یارمەتی بدەیت نەوەك کاریگەریەکی خراپی لەسەر درووست بکات و وا هەست بکات خۆشت ناوێت.



## دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١

دەبێت یەکێك لەو دوو ڕێگەیە هەڵبژێری کە هاتوونەتە پێشت، خۆشویستنی کەسێك کە پێوەندیەکە دیار نییە لەوەی سەر دەگرێت یان نا، دووەمیان دروستکردنی پێوەندی لەگەڵ کەسێك کە خۆشی دەوێی، بەڵام زۆر سەرنجڕاکێش نییە بەلاتەوە.



## کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

دەست بە پڕۆژە نوێیەکەت دەکەی لە داهاتوویەکی نزیکدا و دەستکەوتی گرنگ بەدەست دێنیت، بەڵام ئاگاداری ئەو کەسانە بە کە کاریان لەگەڵ دەکەی دڵنیابە لەوەی جێگەی متمانەن ئەو کات کارەکانیان پێ بسپێرە، ئەمە دەبێتە سەرەتایەك بۆ کار و پڕۆژەی دیکە لە داهاتوودا.



## گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

دووری بەشێك لەژیانت دادەپۆشێت، ئەویش بەهۆی دوورکەوتنەوە لە ماڵەوە و رووکردنە شوێنێك یان دوورکەوتنەوەی کەسێکی خۆشەویستت کە بۆشاییەکی دیار درووست دەکات تاکو دەگەڕێتەوە، زیاتر گرنگی بە بواری تەندروستیت بدە.



## گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

زیاد لەپێویست کاتی خۆت تەرخان دەکەی بۆ هەندێ لایەنی ژیانت و لایەنی گرنگی دیکە لەبیر دەکەی، ئەمەش لە بەرژەوەندیت دا نییە، بەپێی گرنگیی کاتەکانت دابەش بکە، چاوەڕوان بە داوات لێدەکرێت بۆ بەشداریکردن لە ئاهەنگێك و کەسی بەرامبەریش ئامادە دەبێت.



## نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

ئەگەر زۆر بیر لە رابردوو دەکەیتەوە، ئەوا هۆیەکەی ئەوەیە کە ئاواتەخوازی کاتەکان بگەڕێنەوە دواوە بۆ ئەوەی هەندێ شت بکەی کە نەتکردوون، ئەگەر هەر شتێکیان پێ وتی دەربارەی کەسی بەرامبەرت، ئەوا بڕوا مەکە و بڕیاری خێرا مەدە هەتا راستیەکان روون دەبنەوە.

ئا/ هێمن قەسرەیی
hemntoni@yahoo.com